کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 2:02 24-5-2007

## سیستەمی ئێستای دامەزراوەی وەزارەتی شارەوانی گرفت و کێشەی سالانی پێشووی وەزارەتیشی چارەسەر کردووە ...

عەبدولحەمید عەلی مەجید *

لە سایتی (نیشتمان نێت) لە بەرواری (2007/5/17) هەواڵێك بلاوكراوەتەوە بە ناوی (ڕاوێژكاری وەزارەتی شارەوانی: ئێمەی ڕاوێژكار وەزیر نابینین، ئەی هاوولاتی چۆن دەیبینی؟!)



من عەبدولحەمید عەلی مەجید وەك بەڕێوەبەری گشتی پلان دانان و بەدواداچوونەوە رای خۆم بەراشكاوانە لەسەر ئەو بابەتە روون دەكەمەوە كە بەناوی بەڕێوەبەرە گشتییەكان منیش دەگرێتەوە بلاوكراوەتەوە:

هەروەك لە لای هەمووان ئاشكراو روونە وەزارەتی شارەوانی یەكێكە لە وەزارەتە هەرە خزمەتگوزارەكانی كوردستان و لە كابینەی یەكگرتوو گرۆتینێكی گەورەی بە خۆیەوە بینیوە لە خزمەت كردنی زیاتری هاوولاتیان و هەموو بوارەكانی خزمەتگوزاری.

هەواڵی سەرەوە دوورە لە راستییەوە لەبەر ئەوەی هەر كاتێك هەر مامەڵەیەك یان گرفتێك پەیوەندی بە جەنابی وەزیرەوە هەبێت من دەتوانم بە زووترین كات بچمە لای جەنابیان و مداولەكانم بكەم، شایەدیش بۆ ئەم مەبەستە بزانن ئایا هیچ هاوولاتییەك یان كۆمپانیایەك یا بەڵیندەرێك مامەڵەی دواكەوتووە لە لامان، نەك هەر ئەم بابەتە هەموو كاتێك دەتوانم بە تەلەفۆن پەیوەندی لەگەڵ بكەم و كارو مامەلەكان بەڕێوە بەرین.

بە گشتی لە وەزارەتی شارەوانی دوو جۆر (مراجع) هەیە، یەكێكیان كە كاری (رەسمی) هەیە ئەوی تریان بۆ بۆ بەرژەوەندی تایبەت. بە راستی ئێمە دەرگا لە دووەمیان ناكەینەوە لەبەر ئەوەی جیاوازی نییە لە بەینی پاشاو گەدادا لە وەزارەتمان و یاسا سەرووەرە، ئێمە دیوەخانمان دانانەوە بۆ ئەوەی هەر كەسێك بیەوێت بچێتە لای جەنابی وەزیر یان نووسینگە بۆ مەرامی تایبەتی خۆی لەبەر ئەوەی تەنها خولەكێك لە كات بۆ ئێمە پیرۆزە كە خزمەتی هاوولاتیان بكەین و سوودی لێوەر بگرین، نووسینگەكەش هەردەم لە خزمەتی هەموو هاوولاتیان دایە، هیچ رۆژێك نییە جەنابی وەزیر لە (12) كاتژمێر كەمتر لە ناو وەزارەت كار بكات، هەروەها ئێمەش هەموو رۆژەكان هەتا كاتژمێر (8) ی ئێوارە لە دەوامین.

ڕاپۆرتەكە باس لەوە دەكات كە بەرنامەی وەزارەت پەسند نەكراوە، ئەمە وایە، بەڵام لە دەسەلاتی وەزارەت نییەو ئێمە كەمتەرخەم نین لەبەر ئەوەی پێویستی بە ئیجرائاتی خۆی هەیە لە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی كوردستان و سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان وە بە ئەكیدیش نابێت كاری پێ بكرێت لەبەر ئەوە پەسند نەكراوە لەگەڵ ئەوەشدا وەزارەتمان بە نیسبەت (بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەكانی سلێمانی) رەزامەندی كردووە كە ئەوان با كار بە یاسا پێشنیاركراوەكە بكەن بۆ ئەوەی بە زووترین كات كارەكان بەڕێوە بچن و هیچ بۆشاییەك دروست نەبێت.

بەڕێوەبەری گشتی، دووەم دەسەلاتە لە وەزارەتەكان ئەگەر ئەوان لە توانای بەرپرسیاریەتی نەبن، ئەوا هیچ پێویستییەك نییە جەنابی وەزیر ببینرێت بۆ جێبەجی كردنی هیچ مامەلەیەك لەبەر ئەوەی لایەنی جێبەجی كار بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەكانن، جەنابی وەزیریش كارەكانی دیارە كە دانانی

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بلاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ستراتیژیەتی وەزارەتە، ئێمە هەر یەکێکمان دەسەلآتی خۆمان هەیە ئەگەر بە ویژدان بدوێین لە توانای بەرپرسیارێتی بین.
هەروەك دیاریشە كە هەموو ڕۆژانی سێشەموان هەر هاوولاتیەك گرفتی هەبێت و گرفتەكەی یاسایی بێت و بە تەنها بە جەنابی وەزیر چارەسەر بكرێت ئەوا دەتوانی بە ئاسانی چاوی بە بەڕێزیان بكەوێت.
ڕاپۆرتەكە كە باس لەوە دەكات (جەنابی وەزیر ناگەڕێت بەسەر بەشەكان و بڵی چیتان پێویستە و كێشەتان چییە؟)
بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەكان لەو بابەتە بەرپرسن، ئەگەر لە دەسەلآتی بەڕێوەبەری گشتی پەیوەندیدار نەبوو، ئەوا بەڕێوەبەرە گشتییەكە بە مۆكرەیەك بەرزی دەكاتەوە بۆ جەنابی وەزیر بۆ چارەسەركردنی من نازانم فەرمانبەرێك یا ئەندازیارێكی بەڕێوەبەرایەتی گشتییەكەی كە من كاری لێ دەكەم بۆ جەنابی وەزیر ببینی، ئەی من وجودم چییە كە ئیشوكارو گرفتی فەرمانبەرەكانم پی جێبەجی نەكرێت؟
لە كۆتاییدا من بە ناوی خۆمەوە ئەم هەواڵە بە دوور لە ڕاستی دەزانم. چونكە وەزارەتی شارەوانی لە كابینەی پێنجەمی یكگرتووی كوردستان نەك تەنها كاری ڕۆژانەی خۆی ئەنجام داوە، بەڵكو گرفتی سالآنی پێشووشی چارەسەر كردووە.

بەڕێوەبەری گشتی پلان دانان و بەدواداچوونەوە لە دیوانی وەزارەتی شارەوانی
4459523

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بلآودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.